www.kurdistannet.org
27/06/2003 23:11


به ناوی کوردستانی گەورە !
٢٠٠٣/٦/٢٦

# رووخاندنی سنووره داسەپاوەکانی کوردستانی گەورە !

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

سنوور دەتوانێ، هەر چەشنێک بێ، کە یەکێک لەونە سنووری جوغرافیاییە. سنووری جوغرافیاییش ئەم دو لەونەیە :

(١) سنوورێکی رەوا، کە هێڵی حەسێنەرەوی ئەم چەشنە سنووره خوازراوە، دەبێتە حەوشەو تێغەیەکی پیرۆز، بۆ پاراستنی مافی راوای خاوەن یا خاوەنگەلی سنوورەکە.

(٢) سنوورێکی داسەپاو، کە هێڵی نگریسی ئەم چەشنە سنووره داتاشراوە، دەبێتە مێلمێک بۆ فەوتاندنی مافی زگماکی ئەوانەی کە لە نێو ئەم سنووره دا، دەژین.

بە کەسەرەوە، سنوورگەلی فیچەڵفاچی داسەپاوی کوردستانی گەورە، یەکێک لەو وێنە سنووره زەقانەیە، کە لە خاڵی (٢) ی سەرەوەدا ئاماژەم پێ کرد. بەڵام چون گشتمان سەبارەت بە بارودۆخی سنوورەکانی کوردستانی گەورە (دەردەسنوورە) ، باش ئاگادارین و دەشزانین، کە چۆن هێزی کۆلۆ نیالیزم و نیو کۆلۆنیالیزمی ناوچەیی و نێونە تەویی، ئەم هێڵە لارانەیان بە چەواشە و بە دەگەشە بۆ کورد کێشاوە، لێرە دا باسی ئەم دەرد سنووره راڤە ناکەم، تا نەبێتە دووبارەکاری و هۆی خەساربوونی وزە و پێز.

جا، راستەوخۆ دێمە سەر باسی ناساندنی یەکێک لە دەرمانگەلی دەردەسنوور:

بە داهێنان و هاتنی زانستی گرنگی ئەلەکترۆنیک، بە تایبەت تێکنیکی ئینتێرنێت، دەتوانین ئەو سنوورگەلە زۆر کەمرەنگ بکەین یا بە واتەیەکی دیکە؛ زۆر لەو دەردە سنووره دەرمان بکەین، بۆ وێنە، دەتوانین :

- لە سەر هێڵی ئینتێرنێت، کتێبخانەی گشتی کوردستانی گەورە دروست بکەین و هەموومان تێ یدا ببینە ئەندام، خوێنەر و بەشدار و بەم چەشنە، کتێبەکانیشمان لە درین، سووتاندن و فەوتاندنی نەیاران رزگار بکەین.
- بە هۆی ماڵپەری ئینتێرنێتەوە، گشتمان، گشت رۆژێک، گشت رۆژنامە و بڵاڤۆک گەلی، گشت کوردستانی گەورە بخوێنینەوە و ئاگاداریمان فرەتر ببێ.
- بە کلیکی مشکی ئینتێرنێت، تەنانەت سنووره رواڵەتیە فیزیکیە کانی پشیلەکان، برووخێنین، کە وێنەی ئەم کارە، دیدار وقسە کردن لە پاڵتاک دایە.
- بۆ پەرەدانی زمانی یەک گرتوی کوردی کەڵکی لێ وەرگرین.
- منداڵەکانمان، لە سەر هێڵی گشتی کوردستانی گەورە، لە کلاسگەلێکدا دابنێین، کە بەیەکەوە زمانی یەک گرتوی کوردی بخوێنن.
- بە سەر ئاودری بەرهەڵستی سانسۆردا باز بدەین و زنجیری دێوەزمەی تورموز لە سەر زمان و پێنووس و کیبۆردی قوفلکراومان، بپسێنین.
- فێرگە، زانکۆ و زانستگەی کوردستان لە سەر هێڵ on line دروست بکەین و کوردی کوردستانی گەورە، وەک خوێندکار، بێ گوزینش و بوورس، بەشداریان تێدابکەن.

www.kurdistannet.org
27/06/2003 23:11


- ناسنامەی نەتەوییمان بنوسسین و لە ئارشیڤی سەرهێڵ دا ، تۆماریان بکەین ، تا کاتی پێویست کەڵکیان لێ وەربگرین.
- بە هۆی ئینتێرنێت ، دەردگەلی خۆمان بە باژارۆکی چکۆلەی جیهانی رابگەبیێنین.
- پەیکەر و وێنەی مروڤە ناودارەکانمان ، لە مەیدانگەلی بێ مەترسی ماڵپەڕدا دابنێن ، تا نەیانشکینن و نەیاندڕێنن.
- فەرهەنگستانی کوردی ، لەسەر دروست بکەین.
- ســەدان کــاری پێویســت و گرنگی دیکە ، بە رێنوێنی پسپۆڕان ئەنجام بدەین ، کە پێش لە ئینتیرنێت ، بە خەویش بۆمان جێبەجێ نەدەبو.

ئایــا پێــتان وانیە ، بەر لە دوا چەکوشی هاوپەیمانگەل ، گلۆبالیزاسیۆن و ئەم چەشنە شتانە ، بە کەڵــک وەرگرتنێکــی بنەوەشت ، شێلگیرو پسپۆڕانەتر لە ئینتیرنێت و تێکنیک گەلی نوێی جیهانی دیکــە ، بــتوانین زۆر لــە ســنووره داســەپاوە کــان ، لە پێناوی گەیشتن بە مافە رەواکانماندا ، بڕ ووخێنین - بێ ئەوەی تاقە گوللەیەک هاوێژرابێ یا زەرەرمان بۆ پەز و مەز و رەشەوڵاغ ببێ.

ئەگــەر وەڵــامی ئەم پرسیارە" بەڵێ " یە - کە هەیە - لێرەدا لەتە رستەی "روخاندنی سنوور بە ئینتێرنێت " ، دەبێتە شتێکی پێویست ، پیرۆز و هەرە سەوز.

بۆیە دەڵێم :

بەینی بەستووین وەکو سەد تیغی دیواری سنوور
ئارەزوی رووخانی تیغەی دووهەمی بێرلین ئەکەم
تاکو چارەی خو نەنووسم ، ماڵێ سەربەستم نەبێ
باسی ئەنفال و هەڵەبجە و حەبس و هەڵواسین ئەکەم

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نوسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت